# سەرۆك کۆمار پێشوازی لە وەفدکی دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستان دەکات



سەرۆك کۆمار د.لەتیف جەمال رەشید پێشوازی لە دادوەر عەبدولجەبار عەزیز حەسەن سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان و وەفدکی دادوەریی یاوەری کرد.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکایەتی کۆمار لە راگەیەندراوکدا رایگەیاند:-لە دیدارکدا، کە لە کۆشکی بەغداد بەڕێوچو، سەرۆك کۆمار جەختیکردەوە لەسەر بایخی پتەوکردنی هاریکاری نێوان دەسەڵاتی دادوەریی فیدرالی و دەسەڵاتی دادوەریی لە هەرێمی کوردستان بۆ چێسپاندنی دادپەروەری و ئاسانکاری بۆ کاری دادوەریی لەپێناو خزمەتکردنی هاووڵاتیاندا. هەروەك ئاماژەیکرد بۆ پێویندی و هەماهەنگی و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەنێوان سەرۆکایەتی کۆمار و ئەنجومەنی باڵای دادوەری لە بواری یاسادانان و پەسندکردنی یاسا لە بوارە جەراوجەرکاندا.

هەر لە دیدارکدا سەرۆك کۆمار باسی لە گرنگترین ئەو یاسایانە کرد، کە سەرۆکایەتی کۆمار پێشکەشی ئەنجومەنی نوێنەرانی کردوە بۆ پەسندکردنیان، هەروەها بەمنزیکانە پرۆژەیاسای دیکە پێشکەش بە ئەنجومەنەکە دەکات، کە پێویندییان بۆ خواست و پەداویستییەکانی هاووڵاتیانەوە هەیە.

لای خۆیانەوە ئەندامانی وەفدکە پشتیوانیان بۆ پێشنیارکانی سەرۆك کۆمار دەربڕی سەبارەت بە بایخی فراوانکردنی هاریکاری نێوان دەسەڵاتی دادوەریی فیدرالی و دەسەڵاتکان لە هەرێمی کوردستان،

بەشێوەیەک کە بنەماکانی دادپەروەری بچەسپێنێت و بەشداربێت لە خراکردنی کاری دادگاکان و یەکلاکردنەوەی دەسیەکان.